# پێغەمبەری -صلى الله عليه وسلم- هەوڵ وکۆششی زۆرەی دەکرد (لە پەرستن) لە دەی کۆتایی (ڕەمەزاندا) لە مانگەکانی تردا بەو شێوەیە نەبوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری -صلى الله عليه وسلم- هەوڵ وکۆششی زۆرەی دەکرد (لە پەرستن) لە دەی کۆتایی (ڕەمەزاندا) لە مانگەکانی تردا بەو شێوەیە نەبوو».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان بهاتایە کۆششی دەکرد بۆ گوێڕایەڵی وپەرستنی الله، وزۆر کاری خێری جیاواز وپەرستنی ئەنجام دەدا زیاتر لە مانگەکانی تر؛ ئەمیش بەهۆی مەزنی وفەزڵی ئەو شەوانە، وبۆ گەڕان بە دوای فەزڵی شەوی قەدر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3755